ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
90
20 ی ئاب / ئۆگەست ی 2024

## تایبەت بە پرۆژەیاسای باری کەسێتی



## دەبێ بەرگری لە کەرامەتی خۆمان بکەین!

موحسین کەریم

خۆپیشاندان و نارەزایەتی دژی هەوڵی داسەپاندنی یاسای کۆیلایەتی سێکس بەسەر ژنان و کچانی منداڵدا، لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، لەزۆربەی شارەکانی عێراق و کوردستاندا شەپۆل دەدات. ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز و بەرگریکاران لە مافەکان و کەرامەتی ژنان و منداڵان، بەدەنگی بەرز و بێترس دژی ئەم بەربەریەتە دەنگیان هەڵبڕیوە. سەدای ئەم دەنگهەڵبڕینە میدیا بەناوبانگەکانی جیهانیشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە. ئەمە جەنگێکی کۆمەڵایەتیە، لەنێوان دەسەلاتی کۆنەپەرستی میلیشیایی ئیسلامی شێعەگەرا بە ساتوسەودا لەگەڵ ئیسلامی سیاسی سونەو بێدەنگی ناسیۆنالیستە کوردەکان لەلایەکەوە و ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز و ئازادیخواز لەلایەکی دیکەوە، لەسەر پرسێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و مرۆیی، لەسەر ئەوەی کە ژنان بکرێنە کەنیزەک و کۆیلەی سێکسی پیاوان و منالّی ٩ ساڵ بکرێتە بوکەڵەی سێکسی و تێرکردنی ئارەزووی قێزەونی سێکسی پیاوانی ئاینی و بەرپرسانی میلیشیاکان و پیاوسالارانی هەوەسباز، یاخود وەکو مرۆڤێکی ئازادو خاوەن ماف و کەرامەت تەماشا و مامەڵە بکرێن!؟ جەنگێکە بۆ پاراستنی بەهاو نەریت و کەلتورە مرۆیی و هاوچەرخەکان لەبەرامبەر

بۆ لاپەڕە ٢

**پرۆژەی تەعدیلی یاسای باری کەسێتی، ژنان و کچانی منالّ دەکاتە کۆیلەو کەنیزەک و دەستدرێژی سێکسی بۆسەریان دەکاتە یاسا!**



## لە چەندژنەوە تادەستدرێژی سێکسی بۆسەر منداڵان

ڕێبوار ئەحمەد

بۆ لاپەڕە ٣

## ئەمە هەموار کردنەوەی یاسا نییە! ئەمە کۆیلەکردنی ژنان و بێڕێزیکردنە بەهەر هاوڵاتییەکی تر!

**بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەربارەی پرۆژەیاسای باری کەسێتی**

بۆ لاپەڕە ٥

## گفتوگۆ لەگەڵ هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان سەبارەت بە پرۆژە یاسای تەعدیلی یاسای باری کەسێتی عێراق پێشنیارکراو لەلایەن ڕەوتە شێعەکانەوە

بۆ لاپەڕە ٧

## کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری و پرۆژەیاسای تەعدیلی یاسای باری کەسێتی عێراقی!

بۆ لاپەڕە ١٠

## نارەزایەتیەکان بەدژی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەلایەن هێزە شیعەکانی عێراق

**نوسین و ئامادەکردنی: نوری بەشیر**

بۆ لاپەڕە ١٣

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی.......... دەبێ بەرگری لە کەرامەتی خۆمان بکەین!

هـێـرشـی نەریـت و بەهـا داڕزیـوە قەبیلەییەکانی بەدوەکانی ١٥٠٠ ساڵ لەمەوبەری جەزیرەی عەرەبی. ئەم جەنگە، تەنها جەنگی ژنان نیە بۆ بەرگری لە بوون و کەرامەتی خۆیان، جەنگی ئێمە هەموو ئەوانەیە کە خۆمان بە مرۆڤ دەزانین و بەها مرۆییەکان لامان پیرۆزە، هیچ بوارێک نیە بۆ خۆلادان لەم ئەرکە!

ئاخر خۆمان بخەینە جێگای ئەو کچە ٩ ساڵەی کە هێشتا بە جانتاکەیەوە دەچێت بۆ قوتابخانە، هێشتا لەگەڵ هاورێکانیدا لە کۆڵان یان لە باخچەدا یاری چاوشارکێ و جـۆلانـێ دەکەن، یـاخـود بەدیـار تەلەفزیۆنەوە دانیشتوە تەماشای فلیمی کارتۆن دەکات، هێشتا نقوم بووە لەناو خەیاڵاتی منداڵانەی خۆیدا و خەوی منالانە دەبینێ، لەناکاو پیاوێک بێت لەسەر فتوای مەلایەکی کۆنەپەرست و مێشکشۆڕاوە لەهەموو بەهایەکی مرۆیی، دەستی بگرێت بەرەو ژووری خەوەکەی بـۆئەوەی ئارەزووی سێکسی خۆی لەودا خاڵی بکاتەوە! خۆمان بخەینە جێگای ئەو ژنەی کە مێردەکەی بەمەرجی ئەوەی شەو لەگەڵی بخەوێ، ئامادەیە نانی بەیانی بداتێ! ئایا ئەمە رەسمیەتدان نیە بە لەشفرۆشی؟ ئایا بەپێی ئەم یاسایە چ هەستێکی مرۆیی و خۆشەویستی لەنێوان هاوسەرەکاندا دەمێنێتەوە کاتێک سێکس بەرامبەر بێت بە مەسرەفکردنی ژیانی ژن! ؟ ئایا ئەمە هەمان ئەو پێودانگە نیە کە لەناو گرێبەستی کۆمپانیاکانی سێکس فرۆشتندا پەیرەو دەکرێت!؟ ئایا کەسمان قبوڵمانە لەناو خێزانێکی لەوجۆرەدا لەدایک بین و بژین کە یاسای فلیمە پۆرنەکان تێدا بەرێوەبچێت!؟ ئایا قبوڵمانە پەیوەندی نێوان دایک و باوکمان بەوجۆرە بێت؟ ئایا قبوڵمانە خوشک و کچەکانمان لە تەمەنی ٩ ساڵیەوە لەژیانی مناڵانەیان بپچرێنرێن و بدرێنە دەست پیاوێکی هەوەسباز تا ئارەزووەکانی سێکسیەکانی خۆی بەسەر ئەودا دابمرکێنێتەوە!؟ کێمان هەیە ئەوە قبوڵ بکات!؟ کەواتە هەمووومان لەم جەنگەدا بەشدارین و دەبێ بەشداربین. جەنگی پارێزگاری لە کەرامەتی خۆمانە، لە کەرامەتی دایک و خوشکمانە!

ئەو یاسایەی رەوتە ئیسلامیە شیعەکانی خزمەتکارو نۆکەری رژێمی ئیسلامی ئێران دەیانەوێ بەسەر ژنان و کچانی عێراقدا بیسەپێنن، تەنانەت لەناو ئێراندا رژێمی درندەی ئیسلامی نەیتوانیوە بیسەپێنێ! ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی ئـێـران کەمەریان تـونـدکردوتەوە بۆ هەڵپێچانی سەرتاپای رژێمەکە، نەک تەنها یاسا دژەی ژنەکانی وەکو حجابی زۆرەملێ، کەچی تازە دەستوپێوەندەکانی لەعـێـراق دەیـانەوێ ئەم نەریـتە بەربەریەتەی ١٥ سەدە لەمەوبەر بەسەر خەڵکی مودێرنی عێراقدا بسەپێنن. ژنان و پیاوانی هوشیار و یەکسانیخوازی عێراق و کوردستان کە لە جەنگێکی بەردەوامدان دژ بە دەسەلاتی مافیایی و گەندەڵی میلیشیایی ئیسلامی- ناسیۆنالیستی بۆ ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەران، لەم جەنگەشدا بە فراوانی ئامادەییان هەیە. کۆمەڵگایەک کە ٦ دەیە لەمەوبەر یاسایەکی تارادەیەک مەدەنی بەخۆیەوە دیبێت، بە ئاسانی ملنادات بە گێڕانەوەی بۆ سەردەمی کۆیلایەتی و بەها کۆمەلایەتیەکانی ژیانی بەدەوی- ئیسلامی. ئەم ململانێیەی نێوان ئازادی و کۆیلایەتی، نێوان بەرگریکردن لە کەرامەت و شکاندنی کەرامەت، نـێـوان بەهـا مـرۆیـی و هاوچەرخەکان و بەها داڕزیوە قەبیلەیی و بەدەوییەکان، .....پێویستی بە هاتنەمەیدانی هەموو ئێمە هەیە، هەموو ئەوانەی کە بڕوامان بە بەها ئیسانیەکان، بە کەرامەتی ئینسان، بە ئازادی ئینسان هەیە. دەبێ هیچ شارو شارۆچکەیەکی کوردستان و عێراق نەمێنێتەوە کە دەنگی هاواری ئێمەی تێدا بەرز نەبێتەوە. دەبێ لەدەرەوەی عێراقیش ئابرووی ئەم دەسەلات و پەرلەمانە تاسەر ئێسقان دواکەوتوو و کۆنەپەرستە دژە ژن و دژە منال و پیاوسالارە بەرین. هەموو ئەوانەی لەسەر بەرەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و مەدەنیەت هەژمار دەکرێین، دەبێت پێکەوە لەم جەنگەدا بەشداربین و دەبێت پێکەوە جەنگەکەش بەرینەوە.

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی: **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
رێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
فاکس: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
**Muhsin_km@yahoo.com**
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# لە چەندژنەوە تادەستدرێژی سێکسی بۆسەر منداڵان

## رێبوار ئەحمەد

له هەر کۆمەڵگەیەکدارەوتە ئیسلامیەکان بەدەسەڵات بگەن، یان تەنانەت سەنگێک له هاوکێشەی سیاسیداپەیدا بکەن، یەکەمین قوربانیەکانی ئەم رۆڵەی ئەوان ژنان دەبن. ئێران و سعودیە و ئەفغانستان و..و..نمونەن. چونکە لە روانگەی ئیسلامیەکانەوە ژن بەلا و موسیبەتە، سەرچاوەی فەسادە، ناموس و شەرەفی پیاوە، ئەو ناموس و شەرەفەش له ناوگەڵدایە. بۆیە هەمیشە داروودەستە و رەوتە ئیسلامیەکان لە بیری ئەوەدان چۆن کۆتوبەند بۆ هەموو بوارێکی ژیانی ژنان دابنێین و دەست وپێیان شەتەک بدەن. ئازادیی ژن بە مایەی فەساد و بەرەڵایی دەزانن، بۆیە هەر باسی مافی ژن و ئازادی ژن بکرێت، هاواریان لێبەرز دەبێتەوە و دەڵێن ئەیهاوار فەساد هات. هەمیشە لەبیری ئەوەدان ئەم مایەی فەساد و شەرمەزاریە، ئەم عەیب و عارە، بە پەچە و عابا و حیجاب و چارشێو داپۆشن، بۆئەوەی کەسی نامەحرەم عەیب و عار و ناموسەکەیان نەبینێ. ژن لەروانگەی ئەوانەوە تەنها ئامرازێکە بۆ دامرکاندنەوەی هەوەسی سێکسی پیاو و بەرهەمهێنانی منداڵ و بەشێکە لە موڵک و ماڵی پیاو. لەلایەن پێشینانی ئەمانەوە لە شەری فتوحاتیاندا، ژنان لە پاڵ موڵک و ماڵ و حوشتر و ئاژەڵە ماڵیەکاندا بە غەنیمەت گیراوە و کراوە بە کەنیزە و رێکوراست وەکو ئامرازی دامرکاندنی ئارەزوی سێکسی پیاو کەڵکی لێوەرگیراوە.ئەو ژنانەی کە بە غەنیمەت گیراون، هەر ئەوڕۆژەی باوک و براو مێردیان کوژراون، لەلایەن بکوژی باوک و براو مێردیانەوە بە حەڵاڵی دەستدرێژی سێکسیان کراوەتەسەر.

ئەم روانگەیە بۆ ژن پاشماوەی نەریتی خێڵە بەدەویە دواکەوتوەکانی جەزیرەی عەرەبی پێش ئیسلامە، کە ئیسلامیش ئاوی تەبەرەکی بەسەردا کردوە و حەڵاڵ و پیرۆزی کردوە. بزوتنەوە ئیسلامیەکان وەکو بزوتنەوەی سیاسی بورژوازی ئەوپەری کۆنەپەرستانەی دنیای هاوچەرخ، کە لەسایەی رژێمەکانی وەکو سعودیە و ئێران و لەرێگەی خەرجکردنی پارەی زەبەلاح و بەپیشەسازیکردنی دین و داشۆرینی مێشک و تیرۆریزمی کوێرانەوە پێگەیان پەیداکردوە، سەپێنەر و برەوپێدەری ئەم نەریتە کۆنەپەرستانەن. تۆقاندنی مرۆڤ بە ئەفسانەی ئاگری جەهەنەم برناکا و بەرگە ناگرێت بۆ بەچۆکداهێنانی مرۆڤی هاوچەرخ، بۆیە ئیسلامیەکان دەیانەوێ جەهەنەمێکی واقعی لەسەر ئەم گۆی زەویە بەرپابکەن بۆ سوتاندنی مرۆڤەکان و بەزەبری ئەمە یاسا و نەریتە پرتوکاوەکانی خۆیان بە بەشەریەتی هاوچەرخ بقەبڵێنن. ئەگینا ئەوەی کە چەند ژن لەیەک کاتدا بە یەک پیاوەوە شەتەک بدرێن و بکرێنە کەرەسەی تێکردنی ئارەزوەکانی، ئەوەی کە ژن وەکو عەیب و عار و مایەی شەرمەزاری و سەرچاوەی فەساد هەژمار بکرێت کە دەبێ داپۆشرێ و بشاردرێتەوە، لە دنیای شارستانیەت و لە دیدی مرۆڤێکەوە کە ژن وەکو مرۆڤ دەبینێ، لەرادەبەدەر بێزراو و نەفرەت لێکراوە.

لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی شیعە و هاوبەشە ناسیۆنالیستە عەرەب و کوردەکانی، دەیانەوێ بە زەبری یاسا برەو بەم نەریتە نەفرەتیە بدەن، کۆمەڵگەی عێراق نوقمی نەهامەتی و نەداری و بێدەرەتانیە، لە سەرزەمینێکدا کە لەسەر دەریای نەوتە، دانیشتوانەکەی موحتاجی چەند سەعات کارەبا و چەند لیتر نەوتە بۆئەوەی بەرگەی گەرمای هاوین و سەرمای زستان بگرێت، خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیە کە ژێرپێیان ئاڵتونی رەشە محتاجی نانی رۆژن. لە کۆمەڵگەیەکدا کە نوقمی سەروەتە و دانیشتوانەکەی موحتاجی ئاوی خواردنەوەیە، ئەو کۆنەپەرستە ئیسلامی و ناسیۆنالستانەی دەسەڵاتیان بەدەستە و لەسەر داهاتی سەرسامهێنەری سەرزەوی و ژێرزەوی و ئاسمانی ئەم کۆمەڵگەیە تەراتێن دەکەن، لەجیاتی بیرکردنەوە لە دەستەبەرکردنی ئەم سەرەتاییترینانەی ژیانی رۆژانە، لەناو ئەم دەریا موسیبەتەدا، مێشکی ئەو جەبانەی ناویان نراوە نوێنەری خەڵک، سەرقاڵی دارشتنی یاسان بۆ رەواجدان بە چەندژنە و دەستدرێژی سێکسی بۆسەر منداڵان. ئاخر کوا وشە دەتوانێ تەعبیر لە ناوەرۆکی ئەم چەپەڵکاری و خراپەکاریە بکات. هەر ئەمە بەسە بۆ نەفرەتکردن لەو پرۆسە ساختەکاریەی ناوینراوە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک و لە ئەمسالی ئەمانە پەرلەمان پێکدەهێنێت. ئەم بەناو نوێنەرانەی خەڵک، لەجیاتی هەوڵدان و سەرقاڵبوون بە رێگاچارەی مەینەتەکانی خەڵک، دەیانەوێ ئەم خەڵکە روت و رەجاڵ و برسیە لە زەلکاوی کۆنەپەرستیشدا نوقم بکەن. دەیانەوێ ژنان بکەن بە کۆیلەی کۆیلەکانی خۆیان. دەیانەوێ هاولاتیانی ئەم کۆمەڵگەیە لەگەڵ کۆیلایەتی رابهێنن، دەیانەوێ ئەم خەڵکە بەشمەینەتە خۆیان هەم کۆیلە و هەم خاوەن کۆیلە بن. دەیانەوێ ئەم خەڵکە لەناو ئەم فەسادخانەیەدا گرفتار بکەن و ئومێد بە گۆران و ئاسۆی بەختەوەری

و خۆشبەختی و مرۆڤایەتی لە بیر و زەینیاندا بسڕنەوە.

لە چەندژنە دەردناکتر و سامناکتر، بانگەشە و هەوڵی بە یاساییکردنی دەستدرێژی سێکسیە بۆسەر منداڵانی ساوا. دەیانەوێ نەریتی دڕندانەی ١٥٠٠ ساڵ لەمەوبەری خۆیان زیندوبکەنەوە بۆ پەلاماردانی سێکسی کچانی ساوای (٩) ساڵان. منداڵێکی ساوای (٩) ساڵی کە غەرقی ژیان و یاری منداڵانەیە و نازانێ هاوسەرگیری و سێکس مانای چیە، دەکەنە ئامرازی دامرکاندنی هەوەسی پیاوانی داشۆراو لە هەموو هەستێکی مرۆڤانە. بەڕاستی ئەمە ڕەفتارێکە لە ناو ئاژەڵانیشدا خۆپارێزی لێدەکرێت. کێ دیویێتی ئاژەڵێک بە مەبەستی سێکس پەلاماری بەچکە ئاژەڵێکی لە توخمی خۆی بدات کە هێشتا تەمەنی بۆ ئەو مەبەستە پێنەگەیشتبێت؟! بەپێی سەرەتاییترین پێوانەی مرۆڤایەتی هاوچەرخ، بەپێی سەرەتاییترین زانستی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، بەپێی سەرەتاییترین هەست و سۆزی مرۆڤی هاوچەرخ، هەموو جۆرە هەوڵێکی گەورە ساڵێک بۆ سێکس لەگەڵ منداڵی خوارتر لە (١٦) ساڵ، ئەگەر هەزار بەرگی یاساییشی بەبەردا بکرێت، تەنانەت ئەگەر بە ناوی تەبەڕوکیش پیرۆز بکرێت، بە دەستدرێژیەکی زۆر سامناکی سێکسی هەژمار دەکرێت. ئاخر ئەو هێشتا منداڵە، هێشتا سەرقاڵی یاری منداڵانەیە، هێشتا لە هەموو دیمەنێکی سێکسی سڵ دەکاتەوە، هێشتا خامێکی سادەیە کە دەبێ لە دنیا و لە ژیان و لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تێبگەیەنرێت و فێربکرێت. چۆن دەکرێت لەلایەن گەورە ساڵێکەوە کارێکی لەگەڵ بکرێت کە نازانێ چیە تا ڕەزامەندی لەسەر بدات یان ڕەتی بکاتەوە؟! سەرەتاییترین پێوانەی مرۆڤایەتی هەر هەوڵێکی پیاو بۆ سێکس لەگەڵ ژندا، تەنانەت ئەگەر هاوسەری خۆیشی بێت، بەبێ ڕەزامەندی ژنەکە، بە دەستدرێژی سێکسی هەژمار دەکات. پرسیار ئەوەیە کە چۆن ڕەزامەندی کچێکی ساوای (٩) ساڵان بۆ ئەم مەبەستە وەردەگیرێت لەکاتێکدا ئەو تەنها منداڵە. ئاخر باسی منداڵی (٩) ساڵان دەکەین، کە تەنها سێ ساڵە باخچەی ساوایانی تێپەڕاندوە و دەمی بۆنی شیری لێدێت! ئەمە کوێی لەگەڵ کام هەست و هۆشی مرۆڤانەدا دەگونجێت؟ با بۆ ساتێک بیهێنینە بەرچاو، منداڵێکی (٩) ساڵان کوا دەتوانێ بەرگەی سێکسی گەورەساڵێک بگرێت؟! کوا دەتوانێ بەرگەی ژانی لەدایکبوون بگرێت؟! لەکاتێکدا خۆی منداڵە، کوا دەتوانێ بەرگەی ئەرک و بەرپرسیارێتی دایکایەتی و منداڵداری بگرێت؟! جگە لەوانە زانست سەلماندویەتی کە دوگیانیی پێشوەخت مەترسی تەندروستی گەورەی هەیە هەم بۆ دایکەکە (ساوا دوگیانەکە) و هەم بۆ کۆرپەکەی سکی. ئەمە تاوانێکی لەرادەبەدەر دڕندانە و کابوسێکە کە نە تەنها قوربانیەکە، بەڵکوهەموو کۆمەڵگە نەخۆش و نابوت و ویران دەکات. تاوانێکی سامناکی وەها لە دنیای هاوچەرخدا تەنها لەم داڕودەستە ئیسلامیانە دەوەشێتەوە.

ئەمە تەنها دەتوانێ لایەنێکی هەرە قێزەوێنی کۆمەڵگەیەک بێت کە لەلایەن سیستەمی حوکمڕانیەوە نوقمی گەندەڵی و تاڵان و بەدبەختی و کارەسات کراوە. ئەم یاسادانەرانە کۆمەڵێک داڕودەستە و میلیشیای فالانژ و کۆنەپەرست و تاڵانچی و قاچاغچین کە دەیانەوێ ئەم کۆمەڵگەیە نوقمی بێچارەیی و فەساد بکەن. ئەوەی ناوی دەنێن بە یاساییکردنی هاوسەرگیری کچانی (٩)ساڵان، لەڕاستیدا بە یاساییکردنی دەسدرێژی سێکسیە بۆ سەر منداڵەکانمان. دەستدرێژی سێکسی لە توندوتیژترین شێوەکانی توندوتیژیە، کە ئاسەواری بەشێوەی کابوس بۆ هەمیشە لە بیر و هۆشی مرۆڤدا دەمێنێتەوە. ئەو منداڵەی لە (٩) ساڵیدا بکەوێتەبەر دەستدرێژی سێکسی، بۆ هەتاهەتایە دوچاری کێشە و کابوسی سەختی دەرونی دەبێت. بۆ پارێزگاری لە ژیانی منداڵی و ئاسودەیی منداڵەکانمان، پێویستە بەری ئەم بەربەریتە بگرین کە خەریکن کۆمەڵگەی بۆ ڕاپێچ دەکەن. پێویستە بەر بە هەوڵی ئەم هەوەسبازانە بگرین کە دەیانەوێ منداڵەکانمان بکەن بە ئامرازی دامرکاندنی هەوەسی شێتانەیان. بەڕاستی ئەو جۆرە ڕەفتارە شایستەی منداڵی مرۆڤایەتی هاوچەرخ نیە. ئەم هەوڵە دەبێ بەرلەوەی پێبگرێت، ناکام بکرێتەوە و بروخێنرێ بەسەر خاوەن و "بیرمەندەکانی"دا. ئەمە شایستەی ئەوەیە سەرتاپای کۆمەڵگە، هەموو ئەوانەی خەمی جگەرگۆشەکانیانە، لە دژی بخرۆشین و برژێنە شەقامەکانەوە بۆ تەفروتوناکردنی ئەو سیستەم و یاسا و نەریتە داڕزیوانەی خەریکە جگەرگۆشە ناسکەکانمان دەکاتە خۆراکی ئەم هەوەسبازە ئیسلامیانە.

لەجیاتی ئەوەی دین و مەزهەب و نەریتی خێڵەکی دەیان سەدە لەمەوبەر بکرێتە بنەمای یاسا، دەبێ هەموو ئەو یاسایانەی کە تەنانەت سەرچاوە دەبەنە سەر ئەوانە هەڵوەشێنەوە. دەستور و یاسای کۆمەڵگە دەبێ لەسەر بنەما و پێوانە مۆدێرن و پێشکەوتوانەکانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ دابڕێژرێن و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری دەستەبەر بکەن.

١٩/٨/٢٠٢٤

**مافی بێقەیدوشەرتی جیابوونەوە بۆ ژن و پیاو. یەکسانیی تەواوی ماف و ئەرکەکانی ژن و پیاو لە کاروباری پەیوەست بە بەخێوکردن و سەرپەرشتی کردنی منالان لەدوای جیابوونەوەدا.**

**لەبەرنامەی "دنیای باشتر" بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە**

# ئەمە هەموار کردنەوەی یاسا نییە! ئەمە کۆیلەکردنی ژنان و بێڕێزیکردنە بەهەر هاوڵاتییەکی تر!

## بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەربارەی پرۆژەیاسای باری کەسێتی

ڕۆژی ٤ی ئاب، پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ کرد، کە لەلایەن ئەندام پەرلەمانەکانی سەر بەگروپە شیعەکانەوە پێشنیارکرابوو. ئەمە لەکاتێکدایە کەلەساڵی٢٠١٧دا، هێزە شیعەکانی ناو پەرلەمان پێشنیارێکی هاوشێوەیان خستە بەردەم پەرلەمان، بەڵام ڕووبەڕووی نارەزایەتییەکی زۆر بووەوەو شکستی هێنا. بەدڵنیاییەوە ئەم هەوڵەی شیعەکان کردەیەکی یاسایی نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ڕێگەدان بە ئەنجامدانی تاوان لەدژی ژنان و کچان و منداڵان وبەکۆیلەکردنیان، هاوکات هەوڵێکە بۆ دارمانی یەکجاری کۆمەڵگەی مەدەنی وسپاردنی هەموو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانبەهەوا و هەوەسی سێکسی پیاوانی ئاینی و سەرمایەدارانێک وبەرپرسانێکی گەندەڵ کەدەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. ئەمەش گێڕانەوەیەکی مەترسیداری کۆمەڵگەی عێراقە بۆ سەردەمانێکی تاریک.

ئەگەر ئەم هەوڵەی کەناویان ناوە هەمواری یاسا، لەپەرلەمان تێپەڕێت ئەوا نەک هەر هیچ مافێک بۆ ئینسانی ژن ناهێڵێتەوە، بەڵکو ژنان وکچانی منداڵ دەکاتە کۆیلەو کەنیزەک وکاڵایەکی سێکسی و بەدوای خۆشیدا چەندین دیاردەی قێزەونی وەک فرەژنی، زەواجی مسیارو سیغە، پەرەپێدەدا و بەیاسایی دەکات. بەتایبەتی کەبەپێی ئەم هەوڵە:

هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەنی نۆ ساڵ و سەرووتر بە یاسایی دەکرێت، هەروەها بەهەڵگرتنی سزا لەسەر ئەوکەسانەی کەلەدەرەوەی دادگاکان دەست بۆ گرێبەستی نافەرمی و هاوسەرگیری نایاسایی دەبەن، دەرگا لەبەردەم مەلا و پیاوانی ئاینیدا هەرچی زیاتر ئاوەڵا دەکات بۆ ڕەوایەتی دان بەو جۆرە گرێبەست و هاوسەرگیرییانە. بە ڕادەیەک کەژنان هیچ ماف و بڕیارێکیان نەبێت لە زەواج وتەڵاقدا وبەیەکجاری بکرێنەپاشکۆی پیاوان.

ئەم هەمواركردنە ژنان و مافەکانیان تەسلیم بە بیروڕای ئاینی و مەزهەبەکان دەکات، واتە مافەکانی ژنان سنووردار دەکرێن بە پشتبەستن بە لێکدانەوە ئاینییەکان کە لە ئایینێکەوە بۆ ئایینێکی تر جیاوازە. هەروەها مەسرەفکردن بۆ ژنان مەرجداردەکرێت بەڕادەی ”چێژوەرگرتنی سێکسی“ پیاوانەوە.

دوای ئەوەی منداڵی تەمەن ١٥ ساڵ مافی هەڵبژاردنی دایک و باوکی دەبێت، هەموارە نوێیەکە دەبێتە هۆی ئەوەی تەمەنی کۆرپەلە کەتەنها دوو ساڵ بێت و دوای جیابوونەوەش کۆرپەکە بۆ باوک دەبێ، بەبێ ڕەزامەندی دایکی.

ئەم هەموارکردنە نوێیە، ئازادی ژنان لە هەڵبژاردنی ئایینەکەیان لە کاتی هاوسەرگیریدا یان لە حاڵەتی جیابوونەوەدا زەوت دەکات، کە تەنها عەقیدەی مێردەکە بەحسابدێت، ئەمەش سەرکوتکردنی ژنان بەهێزتر دەکات و ناچاریان دەکات ملکەچی یاسا نامرۆڤانەکان بن.

گومان لەوەدا نییە کە یاسای باری کەسێتی ساڵی ١٩٥٩، پێویستی بەهەموارکردنەوە و گونجاندنیەتی لەگەڵ مافی هاوڵاتی یەکسان و ئازادیەکانی ژناندا چونکە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکان و لەگەڵ خواستەکان و چاوەڕوانیەکان و خەباتی ژنان بۆ یەکسانی و ئازادیدا ناگونجێت. بەڵام ئەو هەموارەی کە کیتلە پەرلەمانیەکەی شیعەکان پێشنیاری دەکەن نەک هەر پێچەوانەیە بەدەستکەوت و پێودانگە جیهانی و ئەمرۆییەکانی ماف و ئازادیەکانی ژنان، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەشیعەکردنی کۆمەڵگەی عێراق و لێدانە لە بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ولەسەرەتاییترین مافو ئازادیەکانی ژنان. ژنانی عێراق وەکو ژنانی هەموو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان چاویان لە داهاتوو بڕیوە. چاویان لە ڕزگاربوون لە پاشماوەکانی کۆتوبەندی نایەکسانی و پیاوسالاری و پلەدوویی بڕیوە. ژنانی عێراق دەیانەوێ وەکو پیاوان هەمان ماف و ئازادی و کەسایەتیان هەبێت و لە یاسادا پارێزراوبێت. بەڵام ئامانجی ئەم پڕۆژە یاسایە، ڕێک بردنەوەی کۆمەڵگای عێراقە بۆ سەردەمی حوکم و دەسەڵاتە ئاینیەکان و یاسا و نەریتی قەبیلەو عەشیرەتەکان!

ئەم پڕۆژە یاسایە ژن دەکاتە بوونەوەرێکی بێشەخسیەت و بێئیرادە و بێبڕیار و مەحکوم. دەیکاتە کاڵایەکی سێکسی کە کاری تەنها خزمەتی سێکسیە بە پیاوان نەک هاوبەشی ژیان وهیچ بنەمایەکی پەیوەندی خۆشەویستی و مرۆیی لەنێوان ژن و مێردا ناهێڵێت. پەیوەندی نێوان ژن و پیاو دەبێتە سێکس بەرامبەر بە پارە ونەفەقە! تەنانەت دایک وەکو بوونەوەرێکی بێبایەخ

بەیاسایی دەکا و فرەژنی و زەواجی چێژوەرگرتن( موتعە) و زەواجی سەرپێیی (مسیار) و جۆرەکانی دیکەی زەواج کە هەموویان وەلاّم بە ئارەزوی سێکسی پیاوان دەدەنەوە، دەبێتە نۆرم. نەهێشتنی هەمووجۆرە پارێزبەندیەکی یاسایی بۆ پاراستنی ژنان لە مەسەلەی زەواج و تەلاق□. و رادەستی بڕیارو فتوای سەرۆک باند و مەرجەعە دینی و کۆنەپەرست و دژە ژنەکان دەکات. لەمانەش ترسناکتر زەواجی منالاّنی کچ ولاقەکردنیان بەرەنجامی پەسەندکردنی ئەم پرۆژە یاسایە دەبێت. لەیەک وتەدا ئەم پرۆژە یاسایە لە بنەڕەتدا، نەک لەژێرپێنانی مافە سەرەتایی و مرۆییەکانی ژنانە، بەڵکو سوکایەتی یاسایی و رەسمی و دەوڵەتییە بە کەسایەتی و بە کەرامەتی ئینسانیی ژن وهەرهاولاتیەکی تر و رەسمیەتدەدات بە تاوانی رێکخراو دژی ژنان و کچانی منالّ! مانای سەندنەوەی پێناسەی هاولاتیە تەنانەت لەناو پەیوەندیە خێزانیەکان و دابەشکردنیانە لەسەر بنەمای دین و مەزهەب و تێکدان و تاڵکردنی ژیانی خێزانەکان لەناو ناتەبایی و ناکۆکی مەزهەبەکاندا! مانای سەپاندنی شەریعەتی ولایەتی فەقیهی جمهوری ئیسلامی ئێرانە بەسەر کۆمەڵگەی عێراقدا! ئەم پرۆژە یاسایە دەبێت لەلایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی عێراق و کوردستانەوە، لەلایەن هەموو رێکخراو و لایەنەکانی داکۆکیکار لە ماف و ئازادیەکانی ژنان و رێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافەکانی منالاّن□. بە توندی بەرپەرچ بدرێتەوەو پێشنیارکاران و بەرگریکارانیشی لەئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا ریسوابکرێن.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بانگەوازی ژنانی کوردستان وهەموو ئەو کەسایەتی و رێکخراوانەی داکۆکی لەماف و ئازادیەکانی ژنان دەکەن، بۆ بەشکستکێشانی ئەم هەوڵەی پەرلەمانتارانی شیعە و حزبەکانیان لەپاڵ نارەزایەتیەکانی ئێستای ژنان وئازادیخوازانی شارەکانی عێراقدا راوەستن.هاوکات رێگانەدەن کەحزبە دەسەلاّتدارەکانی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، و رێکەوتن لەگەڵ لایەنە شیعەکاندا مافو ئازادیەکانی ژنانی عیراق پێماڵ بکەن. کەبەدڵنیایەوە هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی بەوجۆرەی خراوەتەروو، کاریگەری مەترسیداری لەسەر دۆخی ژنانی کوردستانیش و ماف و ئازادیەکانیان دەبێت.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**١٠/٨/٢٠٢٤**

**یەکسانیی تەواوی مافەکان و پێگەی یاسایی ژن و پیاو لەخێزاندا.**

**هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتەکانی پیاو وەکو"سەرپەرشتیاری خێزان" و دانانی ماف و ئەرکی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەپەیوەند بە سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی منالّ، کۆنترۆڵکردن و بەڕیوەبردنی ماڵ و موڵک و کاروباری دارایی خێزان، میرات، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوون، کاری ناوماڵ و پیشەیی، تەلاق، سەرپەرشتیکردنی منالاّنی ساوا لەحاڵەتی جیابوونەوەدا و بەشکردن و خاوەندارێتیکردنی ماڵوموڵکی خێزان.**

**قەدەغەکردنی فرەژنی. قەدەغەکردنی سیغە. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ئەرکانەی لە شەرع و دابونەریتە کۆنەکاندا بۆ ژن بەرامبەر بە پیاو دیاریکراوە و دەبنە مایەی یەخسیربوونی.**

**قەدەغەکردنی پەیوەندیی جنسیی مێرد لەگەڵ ژنەکەیدا بەبێ مەیلی ژن، تەنانەت ئەگەر بەبێ توندوتیژیش بێت. لە حاڵەتی شکاتکردنی ژنەکەدا دەبێ ئەم کەیسانە وەکو دەستدرێژیی جنسیی لەلایەن مێردەکەیەوە پەیگیری بکرێ و دادگایی بکرێ.**

**دانانی سزای قورس بۆ هەرجۆرە ئازاردان، ترساندن، ئازادی زەوتکردن، سووکایەتی و توندوتیژیەک لەدژی ژنان و کچان لە خێزاندا.**

**قەدەغەکردنی هەرجۆرە ئازاردانێکی منالاّن لە خێزان و قوتابخانە و دامەزراوەکانی خوێندن و لەئاستی کۆمەڵگا بەگشتی.**

**قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای سزادانی جەستەیی. قەدەغەکردنی گوشارو ئازاری دەروونی و ترساندنی منالاّن.**

**ڕوبەڕووبوونەوەی توندی یاسایی لەگەڵ بەدکەڵک وەرگرتنی جنسیی لە منالاّن. بەدکەڵک وەرگرتنی جنسیی لەمنالاّن بە تاوانی قورسی جینایی دەژمێردرێت.**

**لێپرسینەوە و سزادانی یاسایی کەسانێک کە بەهەر جۆرێک و بەهەربیانوویەک ببنە رێگر لەبەردەم بەهرەمەندبوونی منالاّن، چ کچ چ کوڕ، لە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان، وەکو فێربوون، سەرگەرمی و بەشداریکردن لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە منالاّن.**

**لە بەرنامەی " دنیایەکی باشتر "بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە**

# گفتوگۆ لەگەڵ هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان سەبارەت بە پرۆژە یاسای تەعدیلی یاسای باری کەسێتی عێراق پێشنیارکراو لەلایەن رەوتە شێعەکانەوە

**پرۆژە یاسای پێشنیارکراوی لایەنە شێعەکان بۆ پەرلەمانی عێراق بۆ تەعدیلی یاسای باری کەسێتی پرۆسەی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگاکان رەسمیەت پێدەدات و مافی یاسایی دەدات بە مەزهەبەکان و مەرجەعەکان بەپێی مەزهەبی خۆیان پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن. بەوجۆرە رەسمیەت دەدرێ بە فرەژنی و هاوسەرگیری منالی ۹ ساڵ، هەروەکو مافی نەفقەی ژنیش دەبەستێتەوە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری سێکسی بەپیاو! ئەمانەوێ سەرنج و بۆچوونی ئێوە دەربارەی ئەم پرسانەو لێکەوت و کاریگەریەکانی لەسەر ژیان و پێگەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی ژنان و منالانی کچ بزانین.**

**گەشاو رەحیم:** هەموارکردنەوەی یاساکە بەوجۆرەی پێشنیارکراوە، بەمانای رەواجدان و رەسمیکردنی پلەدوویی ژنان و گەڕاندنەوەیان بۆ کونجی ماڵەوەو بیرێزیکردنە بەتەواوی کۆمەڵگا. لە ساڵی ۲۰۱۷ شیعەکانی ناو پەرلەمان هەوڵیکی لەو جۆرەیاندا، بەڵام کەوتنە بەرامبەر نارەزایەتیەکی زۆرو شکستیان هێنا. ئێستا دووبارە هەوڵدەدەنەوە بۆ بەعەمەلیکردنەوەی توندوتیژی و سوکایەتیکردن بە کچان و ژنان. دەیانەوێ ریگابگرن لەبەردەم پێشچونی کۆمەڵگای مەدەنی و ریگاخۆشکردن بۆ دەستئاواڵەبوونی پیاوانی ئاینی بۆ دەستدریژی سێکسی بۆسەر ژنان، بەناوی زەواجی موتعەو سیغەوە! پەرە بە لەشفرۆشی و کرین و فرۆشتنی کچان دەدەن و رەسمییەت دەدەن بە هاوسەرگیری کچانی تەمەن نۆساڵ، کەلەراستیدا ئەوە دەستدرێژی سێکسیە بۆسەریان نەک هاوسەرگیری بەپێی هەموو پێودانگە مرۆیی و زانستی و کۆمەڵایەتیەکان. گێرانەوەی کۆمەڵگای مەدەنیی عێراق چەند هەنگاویگ بۆدواوەوە بۆسەردەمی ۱۵ سەدە لەمەوبەر و سەپاندنی یاساو بنەما ئاینییەکان و بەتایبەتی ئیسلامیەکانی ۱۵۰۰ ساڵ لەمەوبەرە بەسەر کۆمەڵگای عێراقی سەدەی ۲۱ دا.



ئەم هەوڵە قیزەونەی لایەنە ئیسلامیە شیعەکان و بە شیعەکردنی کۆمەڵگا، لەلایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازو ریکخراوو لایەنە داکۆکیکارەکان لەمافەکانی ژنان و ریکخراوەکانی داکۆکی لە منالان، روبەرووی نارەزایەتی فراوان بووەتەوەو بەرەی ئینساندۆست و یەکسانیخوازی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان دژ بەم بەربەریەتە دژ بەژنان دەکولێت. ئەو هێزەشی کە دەتوانی بەر بەم هێرشە وەحشیانەیە بگری بۆسەر ژنان و منالانی کچ، هەر ئەو هێزەیە کە ئێستا هاتۆتە مەیدانەوە. ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازی کوردستان و عێراق و ریکخراوە داکۆکیکارەکان لە مافەکانی ژنان و منالان و کەسایەتیە ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکان پێکەوە ئەتوانن بەر بە هێرشی سوکایەتی و پلەدوویی دژ بە ژنان و بەکارهێنانی ژنان بۆ مەرامە سێکسیەکان و سادو سەودا بە لەش ولاری ژنانەوە بگرن. دەبێ هەمومان پیکەوە بەر بەو هێرشە بگرین و نەیەڵین ئەم پیلانە قێزەونەی رەوتە ئیسلامیەکان سەربگرێ و کەرامەتی ژنان و بوونی ئینسانیان لەوە زیاتر ژێرپێبخرێ و منالانی کچی ۹ ساڵ بکرێنە بوکەڵەی سێکسی پیاوانی ئاینی و هەوەسبازەکانی نامۆ بە ئینسان و بەها ئینسانیە هاوچەرخ و سەردەمیەکان!

**سەوسەن سەلیم:** راستیەکەی ئەمە پێشنیارێکی یاسایی نییە بۆ تەعدیلی یاسای باری کەسێتی، بەڵکو هەوڵیکی شیعەکانە، بۆ بالادەستکردنی دەسەلاتی خۆیان بەسەر کۆمەلگای عێراقدا، بەتایبەتی لەدۆخێکدا کە ناکۆکی قولی نیوان سونەو شیعەکان، نێوان حزبە ناسیونالیستە کوردەکان و شیعەکان، بەئاقاری سەپاندنی ئایدیۆلۆژی شێعەگەرایی، فرسەتی کەوتۆتەدەست. واتە لەدۆخێکدا کە سونەکان بۆئەوەی بریاری"لیبوردنی گشتی" بەعسیەکانیش بگرێتەوە، هاوکات ناسیونالیستە کوردەکانیش بۆئەوەی هەلەبجە ببێت بە پارێزگاو ئەو کێشە داراییانەی کەهەیانە، لەگەڵ حکومەتی سودانیدا چارەسەر بێت، بیدەنگیان لەئاست ئەم هەولە سیاسیەدا هەڵبژاردوە. لایەنە شیعەکانیش بۆ مەرکەزیکردنەوەی دەسەلاتی خۆیان، لاوازی هێزە سونی و ناسیونالیستەکانیان بەفرسەت وەرگرتووە تا لەسەر حسابی مافەکانی ژنان و مندالان و تەنانەت حورومەت و کەرامەتی هەر تاکێکی عیراقی، یاسای باری کەسایەتی بە ئایدیۆلۆژیای شیعەگەرایی رەنگریژ بکەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە شیعەکان ⇐

سالی ٢٠١٧ هەمان هەوڵیاندا، بەلام هاوکێشەی هێز و دۆخی سیاسی ئەوکاتە نەیێشت ئەو پیلانەیان سەربگرێ و لەگەڵ شکستدا بەرەورووبوونەوە.



بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئەم هەوڵەی شیعەکان سەربگرێ، نەک هەر کویلەیەتی و بیمافیەکی موتڵەق بەسەر ژنان و کچانی منداڵدا دادەسەپێ، نەک هەر مافی فرەژنی وبەشودانی منداڵان و پێشێلکردنی ئازادیی زەواج و تەڵاق، پەرەپێدەدا و دەیکاتە یاسا، نەک هەر هیچ ئیعتبارێک بۆ دادگاو مەدەنیەتی کۆمەلگا ناهێلێتەوە و دەستی پیاوانی ئاینی و مەزهەبەکان بەسەر کۆمەلگادا زاڵدەکات، بگرە ژنان دەکاتە کاڵایەکی سێکسی و لەبازاڕی ئازادی کڕین و فرۆشتندا، دەیخاتە بەردەم پیاوانی ئاینی و سەرمایەداران وبەرپرسانەوە. لەلایەکی تریشەوە زەواجی سیغەو مسیار، کڕین و فرۆشتنی کچانی منداڵ، تا لاقەکردنی کورپەی سەربێشکە و بەشودانیان، یاسایی دەکات. هەموو ئەمانەش جگە لەوەی بێڕێزیەکی ئاشکرایە بەهەرتاکێکی کۆمەلگا، هاوکات فەسادێکی ئەخلاقی و توندوتیژیەکی فراوانی کۆمەلایەتی رووبەڕووی ژنان و منداڵان دەکاتەوە. بەدوای خۆشیدا سەرکوتگەری، دەستدرێژی، سوکایەتی، جیاکاری وبێڕەوشتی، کوشتن و چەندین دیاردەی قێزەونی پیاوسالاری و دژەژن و منالان، بەدوای خۆیدا دێنێت و لەئاکامدا، کۆمەلگا بەرەو پاشەکشەیەکی رۆحی و ئەخلاقی رادەکێشی و هەرچی بەهای مەدەنیەت و ئینسانیەتە دەیخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەمەش هەرگیز قابیلی قبولی نەک هەر ژنان و رێکخراوەکانیان نییە، بگرە هەر هاولاتیەکی ئاسایی بە تەحقیرو بێڕێزیەکی ئاشکرا بۆ سەرخۆی دەیبینێ. بەمجۆرەش پێگەی ئینسانی ژن وهەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستیان هێناوە بەیەکجاری دەسرێتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئەم هەولەی شیعەکان سەربگرێ بەدڵنیاییەوە لەدۆخی ئیستای کوردستاندا، کە پێگەی ناسیونالیزمی کورد وقەوارەکەی لاوازبووە، حزبەکانی ئەم بزوتنەوەیە رۆژانە سەری تەسلیم بۆ حوکمەتی عیراق و دادگای فیدراڵەکەی دادەنوێنن، ئەوا پریشکەکەی یەخەی ژنانی کوردستانیش دەگرێتەوە و دەستی مەلاو شەریعەت و پیاوانی ئاینی بەسەریانەوە درێژدەبێ و ئەو ئازادی و مافە کەمەشی بەدەستیان هێناوە، لێدەسەندرێتەوە. ژنکوشتن و توندوتیژی و جیاکاری، تەحقیرکردن بەژنان و دەیان دیاردەی قێزەونی پیاوسالاری یەخەیان پێدەگرێ. ژنانی کوردستان و بزوتنەوەکەیان کە بەدوای راپەڕینی ٩١ پێیانناوەتە مەیدانەوەو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان تێکۆشاون، روبەڕوی ئاستەنگی گەورە، لەلایەن ئیسلامیەکان وشەریعەتەکەیانەوە، دەبنەوە.

بێگومان ئێمە ژنانی کوردستان، بەتایبەت ئەو بەشەمان کە لەڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتاندا خۆمان رێکخراوکردبوو، بەر لەروخانی رژێمی بەعس، خوازیاری هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی بوین. بۆ گۆڕینی ئەم یاسایە قوربانی زۆرمان دا و کەوتینە بەرامبەر بەرەی کۆنەپەرستی و دەسەلاتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە، بۆیە بەهیچ جۆرێک نە یاسای باری کەسێتی ئێستا و نەهەوڵی شیعەکان بۆ تەعدیلی ئەم یاسایە، لەئاست ماف و ئازادیەکانماندا دەبینینەوە، بگرە بە پرۆژەیەکی سیاسی کۆنەپەرستانەو دژە ژن و منداڵان وهەرجۆرە مەدەنیەتیکی کۆمەلگای دەزانین و لەپاڵ ژنانی عیراق و بەرەی ئازادیخوازاندا بۆ شکستپیدانی تێدەکۆشین وهەموو ڕێگایەک دەگرینەبەر.

**بەهار مونزیر:**

سەرەتا پیمخۆشە دەستخۆیتان لێبکەم یاسای باری کەسێتی لە عێراق لە ساڵی ١٩٥٩ دا کە ئامادەکراوە و کاری پێکراوە، لەکاتی خۆیدا تا ئەمرۆ بە یاسایەکی مەدەنی دادەنریت بە بەراورد بە وڵاتانی دەوروبەر. بۆنموونە زۆرجار لە چەندین چالاکیدا گوێبیستی ئەوە بووم کە یاسای باری کەسێتی عێراق یاسایەکی مەدەنیە و گرنگی دەدات بە مافی تاک لە دادگادا. هەر کچ و کوڕێک بوون بە ١٨ ساڵ دەتوانن بچنە دادگا، بە ئامادەبوونی دوو شاهد هاوسەرگیری بکەن. ئەمەش بە تەواوی نیشانی دەدات لەم بەشەدا یاسایەکی مەدەنیە. ناچینە سەر ووردەکاری خراپی یاساکە، یاخود خواست لەسەر هەموارکردنی بەئاراستەی مەدەنیبوونی زیاتر و رەچاوکردنی چاوەڕوانیەکانی ژنان دوای تێپەربوونی نزیکەی ٦٠ ساڵ بەسەر ئەو یاسایەدا، بەلام چەندین نموونەمان هەبووە تۆماری هاوسەرگیری مەدەنی بووە، بێ پێشەکی و پاشەکی قبولکراو بوە. لەگەڵ ئەوەدا چەندین کەس دەناسین لەدەرەوەی دادگا بە منداڵی لای مەلا مارەکراون، چونکە وەکو دەوتریت"مارەیی نەهاتوە". کەواتە ئەوە روونە کە لەڕووی یاساییەوە ژنان مافێکیان بەدەست هێناوە کە لە تەمەنێکی گونجاودا پرۆسەی هاسەرگیری ئەنجام بدەن، وە یاسا ئەو تەمەنەی بە ١٨ ساڵ دیاریکردوە. لەخوار ئەو تەمەنەوە، مارەکردن و بەشودانی کچان نایاسایی بووە.

هەڵبەتە ئێمە باس لەکاتێک دەکەین یاسای باری کەسێتی تیادا بریاری لەسەر دراوە، کە دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی عێراق و کوردستان زۆر لەگەڵ ئێستا جیاوازتر بووە. لەو کاتەدا "نەزیهە دلیمی" وەک تاکە وەزیری ژن لەناو حکومەتی عێراقدا کاری ئەوەبووە یاساییەکی مودێرن بۆ ئەوکاتە، بۆ باری کەسێتی و رێکخستنی هاوسەرگیری و

خێزان پەسەند بکرێت. هەوڵیداوە یاسایەکی مەدەنی دوور لە کاریگەری مەزهەبەکان جێبەجێ بکرێت. من پێموایە ئەوە هەنگاوێکی گرنگ بووە بۆ بەدەستهێنانی مافی هاولاتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی مەزهەبەکان، بەڵکو گرنگیدان بووە بە بەرقەرارکردنی یاسایەکی تارادەیەک هاوچەرخ و مەدەنی بۆ عێراق . بەلام لە عێراقی نوێدا، لەدوای ڕوخانی حزبی بەعس، عیراق دابەشکرا بەسەر نەتەوەو مەزهەبی جۆراوجۆرو پێناسەی هاولاتی لە خەڵکی عێراق وەرگیرایەوە. هەموو دامودەزگاکان لەسەر بنەمای جیاکاری نەتەوەیی و مەزهەبی نەک پێناسەی هاولاتیبوون دامەزرێنرانەوە. ئەم سیاسەتە وایکرد پێکدادان لە نیوان مەزهەب و تائیفە جیاوازەکاندا ڕوویدات. دەتوانین بڵێین عێراقی نوێ یەکسان بوو بە نائارامی و بوونی ململانێ و ناکۆکی لە نیوان سونە و شیعە. ئەمەش وایکرد ژیانی دانیشتوانی عێراق بە دواکەوتوترین شێوە دابەشبکریت و مافی هاولاتی بوون ساڵ بە ساڵ بەرەو نەمان بەرن. ئەگەر هەولێکیش هەبووبیت بۆ وەستانەوە دژ بەو دابەشکاریە بە زەبری هێز بەرەورووی بونەتەوە. بۆیە ئەم هەموارکردنە من بە بەشێک دەبینم لە وێنەیەکی گەورەی دیکە کە پەلکێشکردنی کۆمەلگایە بۆ دواوە! لەم نێوەدا ژن و مندال تیادا قوربانیە گەورەکەن! یاسای باری کەسێتی یاسایەکی زۆر گرنگە لەهەر ولاتێک بەو هۆکارەی ژیانی دانیشتوانی لەسەر ڕێکدەخریت. ئێستا لەم کەشەدا کە ١١ ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر ڕوخانی حزبی بەعس و دابەشکردنی عێراق، هێرش کردنەسەر یاسای مەدەنی ئەگەریک بوو



زۆر نزیک بوو. کەسانی یاسا ناس دەڵێن یاسای باری کەسێتی عێراق ٢٤ جار هێرشکراوەتە سەری!

لە ساڵی ٢٠١٧ دا پرۆژە یاسای پێشنیاری ڕەوتە شیعەکان بەناوی یاسای جەعفەری کاری لەسەر کرا، بەڵام فەشەلی هێنا بە کارو چالاکی کەسانی مرۆڤدۆست و منداڵدۆست و ژندۆست. بەڵام ئەمجارە هێزە شیعەکان ئەم پشنیارەیان هێناوە و دەیانەوێت دادگا لاواز بکریت و بە مەزهەبەکان کاربکریت، کە ئەمەش ڕێگا دەدات تەمەنی هاوسەرگیری تا ٩ ساڵ بیتە خوارەوە. ئەمەش دەستدریژیە بۆ سەر منداڵانی کچ و پەراویزخستنی ژن لە ژیانی گشتیدا. بە زەمانیکی دیکە؛ ئەمە دارمانی کۆمەڵگایە، هێرشە بۆ سەر جەستەی مندال ( واتە پێدۆفیلیا) کە لە زۆریک لە وولاتاندا کە مافی منالانی تێدا پارێزراوە، سزای زۆر توندی لەسەرە. ئەم یاسایە پێدۆفیلیا ڕەوایەتی پێدەدات. ئەمە تاوانێکی ئاشکرایە بەرامبەر بە منال! لەگەڵ برەودان بە دید و پیلانی کۆنەخوازی لەناو کۆمەڵگادا.

ڕووبەڕووبونەوە بەرامبەر بەم کۆنەخوازیە داکۆکیکارانی یەکخست، هاتنەمەیدانی بەرچاو هەیە، دروستکردنی تەحالوفە جیاوازەکان وە دیاترینیان تەحالوفی ١٨٨ کە کاریگێ پێکەوەیی و سەراسەری عێراقە. ئەم کارانە کاریگەری لەسەر دەسەلاتی سیاسی و دەسەلاتی مەزهەب و خێل دەبێت و گرنگی زۆر هەیە. بۆیە ئەوەی کە ئێمە وەک داکۆکیکاران کاری لەسەر دەکەین، ئەو دەنگە نارازیەیە کە لەسەر شەقامەکانی عێراق بە هەزاران کەسی ڕێکخستوە . هەموو بەیەک دەنگ دەڵێین:" نا بۆ دەستدریژی سیکیسی بۆ سەر منداڵان". ئەمەش ئۆمیدبەخشە. هەر دەشبێت ئەو کارە بکەین بۆ وەستانەوە بەرامبەر کۆنەخوازان و پیاوسالاران .. ئێمە لە کوردستان زیاتر لە ٤ ساڵە لەژێر هەرەشەی کۆنەخوازاندایین، بەڵام تاکە ڕێگا دروستکردنی داکۆکیە لە ماف و ئازادیەکانی هاولاتیانی هەرێم و عێراق...

★



# کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری و پرۆژەیاسای تەعدیلی یاسای باری کەسێتی عێراقی!



کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری، کە لە ڕۆژی ٦ تەموز لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە بەغدا خۆی ڕاگەیاند، وەکو ڕێکخراوێکی سەراسەری جەماوەری بۆ ڕیکخستن و رابەریکردنی نارەزایەتیە جەماوەریەکان لەسەر ئاستی عێراق وکوردستان، راگەیاندنێکیان دژی پرۆژەیاسای تەعدیلی یاسی باری کەسێتی عێراق بڵاوکردەوە و بەمەبەستی کۆکردنەوەی دەنگە نارازیەکان و هەوڵەکان بۆ پێشگرتن بە پەسەندکردنی ئەو یاسایە لە پەرلەمانی عێراق ڕۆژی ١٧/٨/٢٠٢٤ لە سلێمانی کۆبونەوەیەکیان بۆ کۆمەڵێک هەڵسوڕاو و کەسایەتی جەماوەری سازکرد کە لەوێدا بڕیاریان دا لەسەر کۆمەڵێک چالاکی و لەوانە سەرەتا هەڵمەتێکی واژۆکۆکردنەوەیان دەست پێکرد. ئۆکتۆبەر بەباشی زانی کە سەبارەت بە هەنگاوەکانی کۆنگرەی ناوبراو بەڕێز شنە عەلی یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە بدوێنێ؛

**ئۆکتۆبەر: بەڕێزتان وەک یەکێک لە هەڵسوڕاوانی دیاری کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری، هەڵساون بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازێک ڕوو بە حیزب و ڕێکخراوەکانی دنیای دەرەوە، بۆ پشتگیریکردن لە کەمپەینەکەتان، ئایا دەکرێت لەم بارەوە ڕوونکردنەوەیەک بدەن کە ئەم کارە بە چ مەبەستێک؟**

شنه علی: سەرەتا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ڕەخساندنی ئەم دەرفەتە . مەبەستی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە زەنگێک بدەین بە گوێی لایەنە پەیوەندیدارەکان و بیروڕای گشتی و نێودەوڵەتی ئاگادار بکەینەوە و پشتگیریمان بکەن و لە مەترسی ئەم هەموارکردنەوەیە ئاگاداربن و بزانن لەم وڵاتە تەنها چی دەگوزەرێت. سەبارەت بەم کەمپینەش ئەوەی دەگوزەرێت نا دادی و زوڵم و ستەمکاریەکی گەورە دەکرێت بەرامبەر بە ژنان و منداڵان و هەموو کۆمەڵگا بەگشتی، بۆیە ئێمە بە ئەرکی ئەخلاقی خۆمانی دەزانین کە هەموو هەوڵەکانمان بخەینەگەڕ بۆئەوەی ببینە ڕێگریکار لەبەردەم ئەم جۆرە لە هەموارکردنەوەی یاسایەکەدا ، چونکە ئەم هەموارە دژی مرۆڤبوون و هەموو تاکێکی کۆمەڵگەیە و لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە مەترسییەکی گەورە دێنێتە ئاراو.

**ئۆکتۆبەر: ئایا ئێوە تەنیا ئەم کارەتان خستووەنە بەرنامەی کاری خۆتانەوە یان کاری تریشی بەدوادا دێت ؟**

شنه علی: نەخێر تەنها لێرەدا ناوەستین، بەڵکو لە بەرنامەماندایە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا هەر لە سازدانی گردبوونەوەو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی و هەر هەنگاوێکی تر بخەینە ڕوو، وەک ئەنجامدانی کۆبوونەوەو سیمینارو یاداشتنامەو سەردانی لایەنەکان و کاری هاوبەش، هەروەها سەردانی نوسینگەی پەرلەمانی عێراق دەکەین و کاری جدی بۆ دەکەین بۆی نەهێڵین ئەم هەموارکردنەوەیە بکرێت.

**فەرموون لەگەڵ بانگەوازی ڕێکخراوی ئازادی و گۆڕانکاری:**

بانگەوازێک بۆ ڕای گشتی ئازادیخوازانی جیهان

لەوڕۆژەوە کە دەسەڵاتدارانی تازە لەڕێگای لەشکرکێشی و داگیرکاری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی گەیشتوون بەکورسی دەسەڵات لەعێراقدا، هەوڵیانداوە هەموو ئەو مەینەتیانەی کە دەیانساڵە ڕژێمی بەعس بەسەر ئەم کۆمەڵگایەیدا هێناوە، توندتربکەنەوە. پەیتاپەیتا خەریکی پێداچونەوەی دەستورو یاساکانی بەجێماو لەڕژێمی بەعسن، بەوبارەدا کە زنجیری دواکەوتویی مەزهەب و عەشیرەت لەدەست و پێی جەماوەری خەڵکی عیراق توندتر بکەنەوەو کۆمەڵگا پاشەوپاش بگێڕنەوە. بەتایبەتی لەسەر

بنەمای شەریعەتی مەزهەبی شیعە چەندین گۆڕانکارییان کردوە.

لەم نێوەدا وەکو هەمیشە هەموو ئەو تیرانەی کە لەکەوانی مەزهەبەوە دەردەچن پێش هەموان سنگی ژنان دەکەن بەنیشانە. لەکۆمەڵگایەدا کەزیاتر لە نیوسەدە لەمەوبەر شارستانیەت و یاسا مەدەنیەکان تیایدا دەستی بە نەشونماکردوە، جارێک لەرێگای کەمپینە کۆنەپەرستانەکانی رژێمی بەعسەوە بەناوی حەملەی ئیمانیەوە، فتوای کوشتاری ژنان بە بەهانەی پیسی شۆردنەوەی شەرەف و هاندانی فرەژنی گوایە بۆ چارەسەری دەردی ئەو ژنانەی مێردەکانیان لەجەنگی ماڵوێرانکەری عیراق-ئێراندا بە کوشتدران، شەپۆلێکی کۆنەپەرستی باڵی بەسەر ئەم کۆمەڵگایەدا کێشا. ئێستاش ڕەوت و لایەنە دەسەڵاتدارە ئیسلامیە شیعەکان دەیانەوێت لەوبارەیەوە گرەو لەبەعسیزم بەرنەوە، دەیانەوێت لەرێگای ئالۆگۆرێک لە یاساکانی باری کەسێتی لەسەر بنەمای مەزهەبی شەریعە بەسەر ژناندا بسەپێنن. مەترسیدارترینی ئەوانە ڕەواجدان و هاندانی فرەژنی و دەرگا ئاوەڵاکردنە بۆ دەستدرێژی جنسی بۆسەر منداڵانی کچی (٩) ساڵە لەژێر ناوی هاوسەرگیری مەزهەبی دا.

خەڵکی عێراق لەدەیان ساڵ لەمەوبەرەوە لەئاستێکی زۆر فراواندا نەریتی کۆنەپەرستانەی فرەژنیان تێپەڕاندوەو پێبەپێی ڕەوتی شارستانیەت و پێشکەوتنخوازی بەرەوپێش چوون، تا ئەو ڕادەیەی کە نەریتی فرەژنی بەتەواوی بەرەو کاڵبونەوەو نەمان ئاراستەی گرتبوو. ڕژێمی بەعس هەوڵیدا ئەم نەریتە دارزیوە ببوژێنێتەوە بۆ داپۆشینی ئەو کارەساتەی کە بەهۆی بەکوشتدانی سەدان هەزار گەنجی ئەم کۆمەڵگایە بەرپای کردبوو. ئێستاش ڕەوتە ئیسلامیە شیعەکان دەیانەوێت لە بەعسیزمیش واوەتر برۆن. بەڕاستی خەڵکی شارستانی عێراق زۆر دەمێکە ئەو نەریتە چەپەڵەیان تێپەڕاندوە کە وەکو ئاژەڵ ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت و چەند ژن پێکەوە بکەن بەکەرەستەی دامرکاندنەوەی هەوەسی پیاوسالاری.

ئەمە سوکایەتیەکی تاسەر ئێسقان دژی ئینسانی و نەفرەتلێکراوە. لەوەش زیاتر بە یاساییکردنی دەستدرێژی جنسی بۆسەر کچی منداڵی (٩) ساڵان کە هێشتا دەستی ڕاست و چەپی خۆی لەیەکتری جیاناکاتەوەو لەو تەمەنەدایە کە بەیاری منداڵانەوە سەرگەرم بکرێت و فێری ئەلف و با بکرێت، تاوانێکی زۆر سامناک و تۆقینەرەو کابوسێکە بۆ هەتاهەتایە ژیانی ئەو قوربانیە نوقمی نەخۆشی دەروونی دەکات..

ئێمە کەسانێک کە واژۆی ئەم ڕاگەیاندنەمان کردوە، لەکاتێکدا بڕیارماندواوە بەهەموو تواناوە دژی ئەم ڕەوەندە نامرۆڤانەیە بوەستینەوە، هاوکات بانگەوازی خەڵکی ئازادیخوازی جیهان، بزوتنەوەی یەکسانیخوازی، هەڵسوڕاوانی ژنان و بزوتنەوەی کرێکاری دنیا، دامودەزگاو ڕێکخراوەکانی لایەنگر لەمافی مرۆڤ و هەموو ئەو حزب و لایەن و کەسایەتیانە دەکەین کە ڕادەی سامناکی ئەم تاوانە ویژدانیان ڕادەچڵەکێنێت، دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرزبکەنەوە بە هەرجۆرێک بۆیان دەکرێت دژی ئەم سوکایەتی پێکردنە بوەستنەوەو پشتیوانی لەخەباتی ئێمە بکەن، گوشار بخەنە سەر لایەنە بەرپرسەکانی عێراق و پەرلەمان و دەزگای قەزایی بۆ ئەوەی ئەم ڕەوەندە ڕابگرین و لەجێگایدا ئالۆگۆرێک لەیاساکاندا بکرێت کە شایستەی خەڵکی شارستانی و پێشکەوتوی عیراق مرۆڤایەتی هاوچەرخ بێت.

شایانی باسە تائێستا ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراو و کەسایەتی سیاسی و جەماوەری ئازادیخواز واژۆیان لەسەر بانگەوازەکە داوە.

## لیستی یەکەمی واژۆکان:

١- د.ڕازاو گوڵی محمود / پارێزەر . ٢- گەشە دارا حەفید / پارێزەر . ٣-کەژاڵ عبدالقادر حمە شریف /داکۆکیکاری مافەکانی ژنان . ٤- شەدە بەشیر / ڕاگەیاندنکار . ٥- لەنجە خورشید/ ڕۆژنامەوان – ئەڵمانیا . ٦- شاتین قەرەداغی / ڕۆژنامەنووس . ٧- رووخۆش مصطفى ابراهیم / چالاکوانی مەدەنی . ٨- دنیا ماجد / ڕۆژنامەنووس . ٩- بەناز حمە علی / چالاکوان . ١٠- ڕووبار یوسف / چالاکوان – نەرویج . ١١- هیفا مجید عبدالکریم / چالاکوان . ١٢- شۆڕێ مایی / خەباتکاری تەڤگەری ئازادی لە دەرەوەی وڵات. ١٣- نادیە کوردان / چالاکەوان – سوید . ١٤- سروە نوری / شارەزا لە بواری پەروەردە - بەریتانیا . ١٥- سۆما ساڵح / نوسەر - داکۆکیکار لە مافی زەوتکراوی ژناندا - بەریتانیا . ١٦- فەوزییە عبدالکریم / چالاکوانی مەدەنی . ١٧-بانو محمد احمد / ئەندامی کەمپینی یەکریزی ژنان . ١٨- ڕۆشنا محمد نادر / مامۆستا و چالاکوانی مەدەنی . ١٩- پەروین عبدالله رضا / مامۆستا و چالاکوان . ٢٠-شەونم محمد غریب / ئەندازیار . ٢١- شەیما عدنان صالح / چالاکی سیاسی . ٢٢- تارا حسێن محمد/ هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادی . ٢٣- بەیان ابراهیم / نوسەر و شاعیر . ٢٤- ابوبکر هەڵەدنی / پەرلەمانتاری خولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان . ٢٥- تاریق فاتح حسن / ڕۆژنامەنووس . ٢٦- د.شێرکۆ حمە امین قادر /مامۆستای زانکۆ . ٢٧- لەتیف فاتح فەرەج / نووسەر . ٢٨-ئاوارە کوردی / هونەرمەند و چالاکوان . ٢٩- لقمان حسن / هونەرمەند . ٣٠- جەلال سەعید / نوێنەری فدراسیۆنی پەنابەرانی عێراق لە کەنەدا . ٣١. محمد ڕەسوڵ محمد / ڕاوێژکاری خێزانی . ٣٢- پەیمان عبدالله / خەباتکاری تەڤگەری ئازادی لە دەرەوەی وڵات . ٣٣- نازەنین حسن / خەباتکاری تەڤگەری ئازادی لە دەرەوەی وڵات . ٣٤- م.بەکر لەتیف / چالاکوانی مەدەنی . ٣٥- هێمن ئەحمەد / چالاکوانی مەدەنی . ٣٦- سیروان مستەفا / چالاکوانی

مەدەنی . ٣٧- سەردار نۆڕێ / شاعیر و هونەرمەند . ٣٨-قیس عبدالقادر محمد / چالاکوان . ٣٩- سمکۆ ڕەشید سەیدە / چالاکی سیاسی . ٤٠- شاباز محمود مستەفا / چالاکی مەدەنی . ٤١-بەهار موونزیر/ داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان لە کوردستان. ٤٢. جیهان صالح / ئەندامی کەمپینی یەکرێزی ژنان . ٤٣- کەژاڵ حمە ڕەشید / نوسەر و چالاکوان – کەنەدا . ٤٤- احسان حسیب عارف / ڕێکخراوی نیشتمانی هەمووان . ٤٥- عوسمان حاجی مارف / سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان . ٤٦- کامەران لطیف امین / بەڕێوەبەری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی کوردستان . ٤٧-ترێ محمود / ڕۆژنامەنووس . ٤٨- ڤیان کەماڵ / هونەرمەند . ٤٩- کۆچەر همزە ڕەسوڵ / ڕۆژنامەنووس . ٥٠- سارا ڕەزا علی / ئەندامی دەستەی هاوسەرۆکایەتی تەڤگەری ئازادی. ٥١- چرۆ شوان / پارێزەر . ٥٢- هەوار حەسەن جاف/ مامۆستا. ٥٣- زارا احمد محمد / چالاکوانی ژنان . ٥٤- دلگیر علی کماڵ / چالاکوانی ژنان . ٥٥- جوتیار ڕەشید / ئەندازیار . ٥٦- دلێر جوامێر / چالاکوان . ٥٧. شنە علی خەیات/ مامۆستا و چالاکوان. ٥٨. هاوژین عبدالرحمن فتاح / دەرچووی زانکۆ . ٥٩. کوردستان اسعد علی/ ئەندامی سکرتارییەتی کۆمەڵەی ئافرەتان. ٦٠. گەلاوێژ صوفي امین / هەڵسوڕاوی سیاسی . ٦١. شاناز جەمیل سعید / هەڵسوڕاوی سیاسی . ٦٢. نوریە محمد محمود / هەڵسوڕاوی سیاسی . ٦٣. ڕەیان سعدالله شهاب سعدی/ پەرستاری و داکۆکیکاری مافی ژنان . ٦٤. وشیار حمە فرج / هونەرمەند- گۆرانیبێژ . ٦٥. کامەران احمد / هونەرمەند -شانۆکار . ٦٦. شەماڵ علی / هەڵسوڕاوی سیاسی . ٦٧. نوخشە کریم صالح / مامۆستا . ٦٨. محمد اسماعیل / هونەرمەند – شێوەکار . ٦٩. هیوا عمر / نوسەر و ڕۆژنامەنوس . ٧٠. پەیمان محمد سعید / مامۆستا . ٧١. محمد حمە کریم قادر / مامۆستا . ٧٢. شیلان عزیز ڕشید / مامۆستا . ٧٣. ڕێبوار احمد / ئەندامی مەکتەبی سیاسی حکک . ٧٤. ئاسۆی ژیاندۆست / هەڵسوڕاوی سیاسی و جەماوەری . ٧٥. سروشت هاواری/ مامۆستا و چالاکوان . ٧٦. سەلام عبدالله / نوسەر -خانەقین . ٧٧. ئومێد احمد علی / پارێزەر . ٧٨. نەغەدە عوسمان مصطفی / چالاکوانی مەدەنی . ٧٩. خاتوو خەدیجە / کۆمەڵەی ئافرەتان – ڕانیە . ٨٠. سەحەر حسن / چالاکوانی ژنان -ڕانیە . ٨٢. شادی سەحەر / چالاکوانی ژنان – ڕانیە . ٨٢. کوێستان عبدلله / هەڵسوڕاوی مەدەنی . ٨٣. تارا ئاسۆس/ هەڵسوڕاوی ژنان . ٨٤. نەسرین محمدی / هەڵسوڕاوی سیاسی -ئەڵمانیا . ٨٥. عەجیبە محمد / هەڵسوڕاوی ژنان . ٨٦. تاڤگە ابراهیم / هەڵسوڕاوی سیاسی – کەنەدا . ٨٧. دایکانی ئاشتی لەچک سپی . ٨٨. ڕێکخراوی گەلا . ٨٩. عومەر عبدالله / شانۆکار . ٩٠. گروپی هونەری ئەستێرەکان . ٩١. پەیامی ئێمە بۆ تواناسازی گەنجان . ٩٢. جلال محمد امین / فەرمانبەر . ٩٣. هیوا ڕشید کاکەمەند / چالاکوان . ٩٤. شنۆ احمد عبدالرحمن / مامۆستا . ٩٥. عمران زرار طە عزیز / چالاکوان . ٩٦. گۆنا حسن ڕەحیم/ مامۆستا . ٩٧. سایە کریم صالح / مامۆستا . ٩٨. نەریمان سەعید کریم / مامۆستا . ٩٩. نەسرین احمد قادر / مامۆستا . ١٠٠. نەسرین ابوبکر محمد / مامۆستا . ١٠١. احمد محمود محمد امین ( بەرزنجی ) / مامۆستا . ١٠٢. بەختیار غریب / ڕۆژنامەنووس . ١٠٣. سەرکەوت ڕەشید امین / کاسب . ١٠٤. ئاڤان عبدالقادر سعید / مامۆستا . ١٠٥. نەسرین عزت حمە ڕەش / چالاکوان . ١٠٦. نەسرین کریم محمد / مامۆستا و چالاکوان . ١٠٧. تابان رسول عبدالقادر / مامۆستا. ١٠٨. سەمیرە عبدالله حمە ڕەزا / چالاکوان . ١٠٩. گێلاس عمر یحی / مامۆستا . ١١٠. سازگار عبدالله / چالاکوان . ١١١. نزار محمد / چالاکوان . ١١٢. ڕحیم سعید اسماعیل محمد شریف / مامۆستا . ١١٣. زەیتون غەریب حسین / مامۆستا . ١١٤. شۆخە فریق حمە فرج / چالاکوان . ١١٥. شەهێن حمە نەجم / مامۆستا . ١١٦. خەبات لطیف مارف / فەرمانبەر و چالاکوان . ١١٧. پاکیزە حمە امین / ڕۆژنامەنووس . ١١٨. ژیان حمە رشید احمد / مامۆستا . ١١٩. چرۆ عبدالرحمن عبدالله / مامۆستا . ١٢٠. هەرژین کمال خضر / مامۆستا . ١٢١. چیمەن محمد خدر / چالاکوان . ١٢٢. مهاباد محمد محمود / چالاکوان . ١٢٣. بەیان قادر احمد / مامۆستا . ١٢٤. دولبەر مجید محمود / مامۆستا . ١٢٥-هاوژین ڕەشید / مامۆستا لەبەریتانیا. ١٢٦- خەولە محمد / ئەندامی ڕێکخراوی زەحمەت کێشان . ١٢٧-نیگار ڕەشید / مامۆستاو چالاکوان . ١٢٨- اکرام غایب ستار / لێپرسراوی ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و ڕووناکی ژنان . ١٢٩- ڕۆژان حمە کریم / چالاکوان . ١٣٠- فاطمە عزیز / پارێزەر . ١٣١- گولستان محمود / پارێزەر . ١٣٢- سعاد حبیب / پارێزەر . ١٣٣-سومەیە صالح / ڕۆژنامەنووس . ١٣٤-نەرمین محمود / بەرپرسی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان . ١٣٥-بەهار احمد / ئەندامی لقی گەرمیانی ئافرەتان . ١٣٦-شیما جەماڵ / ئەندامی لقی گەرمیانی کۆمەڵەی ئافرەتان . ١٣٧-سارا احمد / ئەندامی یەکێتی ژنانی کفری . ١٣٨-ئەحمەد مجید / چالاکی سیاسی. ١٣٩- ڕابەر ڕەشید / چالاکوانی سیاسی . ١٤٠- ئەحمد جاف / مامۆستا و چالاکوان . ١٤١- سۆلاڤ علی / ئەندامی لقی گەرمیان کۆمەڵەی ئافرەتان . ١٤٢- گۆران ڕەحیم سمین / چالاکوانی سیاسی . ١٤٣-هاورێ کرێکار / ڕۆژنامەنووس . ١٤٤-بەهادین حاجی بەکر دارتاش ، هەڵسوڕاوی سیاسی و جەماوەری. ١٤٥- سەنگەر کریم کالێ / مامۆستا. ١٤٦- سەوسەن سەلیم/ هەڵسوڕاوی ژنان. موحسین کەریم-سەرنوسەری بلاوکراوەی ئۆکتوبەر.

★

# ناڕەزایەتیەکان بەدژی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی لەلایەن هێزە شیعەکانی عێراق

## نوسین و ئامادەکردنی نوری بەشیر

پەرلەمانی عێراق رۆژی ٤ی ئاب خوێندنەوەی یەکەمی بۆ یاسای پێشنیارکراوی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ کرد، پەرلەمان بڕیاری کۆتایی بۆ دانیشتنی داهاتوو داناوە. ئەم هەوڵانە پێشتر لە ٢٢ی تەمموزی ٢٠٢٤دا لەلایەن ژمارەیەک پەرلەمانە شیعەکانەوە قسەوباسێکی لێکرابوو، هەروەها ئەمە یەکەمجار نیە کە هێزە میلیشیا شیعەکانی ناو پەرلەمانی عێراق دەست بۆ ئەوە دەبەن کە یاسای باری کەسێتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنن بەپێی یاسای مەزهەبی کەخۆیان دەیانەوێت، لە ساڵەکانی ٢٠١٤و ٢٠١٧دا، هێزە شیعەکانی ناو پەرلەمان ئەم پێشنیارەیان پێشتر خستە بەردەم پەرلەمان کە بەیاسای جەعفەری ناسراوە.

رەشنووسی یاسای باری کەسی جەعفەری کە لەلایەن وەزیری دادی ئەوکات، حەسەن ئەلشەمەرییەوە پێشکەشکرا، مشتومڕ و تورەییەکی بەرفراوانی لەلایەن؛ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، و هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە رووبەڕووکرایەوە و بە پێشێلکارییەکی جددی مافی منداڵانیان زانی، چونکە رێگە دەدات، هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی تەمەن نۆ ساڵان بکرێت. ئەوەبوو لەژێر ئەو فشارەدا ناچار بە پاشەکشە بوون. بەڵام بەردەوام لەهەوڵدابوون بۆئەوەی لە دەرفەتێکی دیکەدا ئەم یاسایە بسەپێنن، بەتایبەت بەدوای ئەوەی کە لەگەڵ باڵە سونیەکانی نێوپەرلەمان رێکەوتنیان کردوە، ئەوەش لە بەرامبەر دەرکردنی یاسای "لێبووردنی گشتی" کە لەلایەن سونەکانەوە خراوەتە بەرباس کە عەرەبێکی سوننی زۆری تێدایە.

لەم پرۆژەیاسا نوێیەدا دەیانەوێ ئەم خاڵانە جێگیربکەن: یەکەم؛ رێگە دان بە زەواجی منداڵان لە تەمەنی ٩ ساڵیەوە. دووەم؛ پیاوانی ئایینی ئەتوانن منداڵان مارەبکەن بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ دادگا واتە لەدەرەوەی دادگا لەژێر دەستی مەلا و شێخی مەزهەبیدا پرۆسەی هاوسەرگیری بەڕێوەبچێت. سێهەم؛ مەسرەف کردن بۆ ژنان مەرجدارە بە "چێژوەرگرتنی سێکسی" پیاوانەوە. چوارەم: منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵیەوە ئەدرێتە بە باوکی لە حاڵەتی جیابوونەوەیدا بەبێ رەزامەندی دایکی.

ئەگەر ئەم هەوڵەی کە ناویانناوە هەمواری یاسا لە پەرلەمان تێپەڕێت ئەوا نەک هەر هیچ مافێک بۆ ژنان و منداڵان لە عێراق و کوردستاندا ناهێڵێتەوە، بەڵکو ژنان و کچانی منداڵ دەکاتە کۆیلە و کەنیزەک و کاڵایەکی سێکسی پیاوان و بەدوای خۆشیدا چەندین دیاردەی قێزەونی وەک فرەژنی، زەواجی مسیار و سیغە، پەرەپێدەدا و بە یاسایی دەکات.

پرۆژە یاسای ناوبراو رووبەڕووی نارەزایەتی بەرفراوانی جەماوەی بووەتەوە لەئاستی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان و بگرە جیهانیشدا. بەشێک لەمیدیا عەرەبی و جیهانیەکان ئاماژەیان بە خەسڵەتی کۆپەرستانەوە دژی ئینسانیبوونی ئەم پرۆژە یاسایە کردوە. لەوانە؛ بی بی سی و هەروەها رێکخراوە جیهانیەکانی وەکو هیومان رایتس وۆچ ئەو دەسکاریانەی کە لە یاسای باری کەسێتی ١٨٨ی عێراقی ١٩٥٩دا پێشنیارکراوە دایە



بەر رەخنەی توندو بە هێرش بۆسەر مافی مرۆڤ دایەقەڵەم.لەسەر ئاستی ناوخۆدا، دەستبەجێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان دژی هەوڵە قێزەونەی پەرلەمانی عێراق وەستانەوە. بێجگە لەوان، چەندین لایەنی دیکەی بەرگریکار لە ماف و ئازادیەکانی ژنان و منداڵان دژی ئەم هێرشە بۆسەر ژنان و منداڵان وەستانەوە. بەگوێرەی راپرسیەکی تیمی راپرسی عێراقی، زیاتر لە ٧٣.٢٪ی عێراقییەکان دژی ئەم هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتیەن و بەگوێرەی راپرسییەکە ٨١.٦٪ی بەشداربووان دەیانەوێت یاسای باری کەسێتیی مەدەنی بێت. هەروەها رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دەیان کەسایەتی سیاسی و جەماوەری و چەندین کەمپین دژی ئەم پرۆژە یاسایە دەنگیان هەڵبریوە. خۆپیشاندانی نارەزایەتی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لەزۆرێک لە شارەکانی عێراق وکوردستاندا بەرێخراوە، لەوانە: " بەغداد، نەجەف، موسڵ، ، ذیقار، بابل،

دیوانیە، کەرکوک، سلێمانی".لە بەغدادی پایتەخت خۆپیشاندانی نارەزایەتی ژنان و پیاوان کە نزیکەی٥٠٠ کەس بە بەپلاکارت و وتنەوەی دروشمەکانی؛ (نا بۆ جیاکاری، نا بۆ زاڵبوون)، ( نا بۆ بەشودانی منداڵان)، (هاوسەرگیری منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی تاوانە دژ بە مندال)، (ئێمە ئەو یاسایانە ڕەتدەکەینەوە کە کەرامەتی ژنان دابەزێنن)، (من کۆیلە نیم، ئازادم)، (بەڵێ بۆ یەکسانییەکی تەواو لە نێوانیاندا ژن و پیاو و نەخێر بۆ یاسا کۆنەپەرستانەکانتان)، ( نا بۆ پەرلەمان کە هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەنی یاسایی بڕیاردەدات) و (سەردەمی کۆیلەی ژنان کۆتاییهاتووە و قبوڵ ناکەین کە ژن وەک کۆیلە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت) کە وێنە و دیمەنە ڤیدیۆییەکان میدیای دنیای داگیرکرد. هەروەها لە نەجەف، لە خۆپیشاندانی نارەزایەتی ژنان و پیاوان ئەنجامدراو ڕووبەڕووی هێرشی مەلا دینیەکان بووەنەوە.

"هاوپەیمانی ١٨٨"، کە لە کۆمەڵێک ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و هێزە سیاسی و مەدەنییەکان، هەڵسوڕاوان، کەسایەتی کاریگەری ژنان و پیاوان پێکدێت و لە ٨ی ئابدا خۆی ڕاگەیاند و دژی ئەم پرۆژە یاسایە وەستایەوە. سەنتەری پارێزگاری لە مافەکانی منالانی کوردستان و ژمارەیەک ڕێکخراوەی ژنان لە کوردستان لەوانە؛ لە لەکوردستان ڕێکخراوی ژنانی کوردستانی زەحمەتکێشان، کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئافرەتان، هەروەها ڕێکخراوی کۆبەستی کۆمەڵایەتی نیشتیمانی لە دژی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیان ئەنجامداوەو دژی ئەم پرۆژە یاسایە وەستاونەتەوە.

لە سلێمانی ڕۆژی ١٧ی ئاب کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری کۆبوونەوەیەکی فراوانی گروپ و ڕێکخراوەکانی ژنان و منداڵان و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخست، سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی هەمواری یاسای باری کەسێتی عێراق بە بەشداری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵانی کوردستان.

ڕۆژی ١٨ی ئاب گرووپی ٨ی مارس کەپێکهاتوون لەژمارەیەک لەرێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵی مەدەنی کەسایەتی ئەکادیمی و چالاکوانان، کۆبونەوەیەکی تایبەتیان لەبارەگای ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان ڕێکخست. هەروەها بە واژوی نزیکەی ١٥٠ کەس لە خەڵکی هەڵسوڕاوانی سیاسی و مافەکانی ژنان و ڕۆژنامەنوس و ... نامەیەک بەدژی ئەو هەوڵەی بە ئیسلامیکردنی یاسا مەدەنیەکان وەستاونەتەوە.

ڕۆژی ١٨ی ئاب ژنانی نەینەوا بۆ ئیدانەکردنی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی، نارەزایەتییان ڕێکخست و ڕاگەیەندراوەیەکیان دەرکرد. لە هەولێر ١٩ی ئاب، "ڕێکخراوی ئێمە" بەهاوکاری هاوپەیمانی ژنانی کوردستان کۆبوونەوەی نارەزایەتی ڕێکخست. هەروەها لە باخی گشتی شارۆچکەی ڕانیە، لە دژی هەوڵدان بۆ هەمووارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ـی ساڵی ١٩٥٩ـی عێراق، ڕێکخراوەکانی ژنان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان ئەنجامدا و تێیدا دووپاتیان




کردەوە، ئەو هەمووارە ڕەوایەتییدانە بە توندوتیژی. بڕیارە ڕۆژی ٢٢ی ئاب خۆپیشاندانی نارەزایەتی بەو هەنگاوە لەبەردەم سەفارەتی عێراقی لەلەندەن لەلایەن؛ ڕێکخراوی ژنانی کوردو خۆرهەڵاتی ناوەراست، فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی، ڕێکخراوەی ژنان و کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست،- ڕێکخراوی مافی ژنان-ایکرۆ، ئەنجامبدرێت. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە نامەیەکیان بەزمانی ئینگلیزی ناردووە بۆ زۆرێک لە ئەنجام پەرلەمان، ڕێکخراوەکانی ژنان و کرێکاران و چەپەکان.

ئەم هەنگاوەی هێزە شیعەکان وەک چۆن لە ساڵەکانی پێشتر بە نارەزایەتی هێزە چەپ و کۆمۆنیست و مەدەنیەکانی عێراق و کوردستان ناکامکرایەوە، ئەمجارەش هەر هەمان ڕێگا لەبەردەمدایە بە ئیزافەی هێزە چەپ و کرێکاریی و ژنان و ئینساندۆستەکان لە جیهان.

★

**تەمەنی یاسایی کامڵبوونی جنسی بۆ ژن و پیاو ١٦ ساڵە. پەیوەندیگرتنی جنسیی کەسانی گەورەساڵ (سەرووی تەمەنی یاسایی کامڵبوون) لەگەڵ کەسانی خوار تەمەنی یاسایی، تەنانەت ئەگەر بەرەزامەندی خۆشیان بێت، قەدەغەیە و بەتاوان دەژمێردرێت.**

**لەبەرنامەی "دنیای باشتر" بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە**